

## لەدەوری فەقیانەو تفەنگت گەڕێم یاشێخ

نامۆ سامان

هەشتاوپێنج ساڵ لەمەوبەر کابرایەک رانکوچۆغە لەبەر مشکی لەسەر لەرولاواز بچــــکۆلانە خەنجەر لەکەمەر، فەقیانە لەدەست، گەنم رەنگ، نەخوێندەوار، موســولْمان بەئینگلــیزی ووت: دەمەوێت لەعەرەبی عێراقیو تورکی موسڵمان جیابمەوە جاری سەربەخۆی کوردستان ئەدەم.
پاش هەشتاوپێنج ساڵ سەرانی سیکولاریزمی کوردو ئەکادیمیو فەیلەسوفەکانی کورد وتیان:
ئێمە نامانەوێت نەلەعێراق جودابینەوە و نەلە جیهانی عەرەبو فەرەنگی ئیسلام دووركەوینەوە، بەڵام گوڵبارانی ئەمەریکایێکانیان کردو ئەم‌لاولای کافریان ماچکرد بەقەولی عەرەبەکان ئێمەیان لەناچەکە سوکورسواکرد ئێمەیان خستە بەرەی دوژمنەوە، گەورەترین سیناریۆ لەو ناوچەیەدا چێدەچێت حیزبەکان وایاندانابوو نەهاتی کورد بخەنە ئەستۆی ئەمەریکیاکانەوە ئەگەر ئەگەری هەرەسێکیتر لەناوچەکەدا رویدا. بەڵام بەدرێژای ئەو هەشتاوپێنج ساڵە لەو باشورەدا کـــورد نەئەوەندە دڵسۆزی هەبووە نەئەوەندەیش رۆشنبیرانو نوسەرانیان بەخۆیەوە بینیوە کەخـــــەم لەسەربەخۆی کوردستان بخۆن، بەڵام دەمێکە حیزبەکان ئەوەیان بۆ رونبۆتەوە ئەگەرەکەیان سەرکەوتوو نابێت، ئێستاکەیش سیناریۆی هەڵبژاردن لەئارادایەو ئەگەری بەعێراقبونمان بەرێوەیە بۆیە خۆیان ئامادەکردووە هەموو تاوانەکان بخەنە ئەستۆی ئەو خەڵکەی کەدەنگ نادات. بەدرێژای ئەو هەشتاوپێنج ساڵە کورد لەو باشورەدا نەئەوەندە شانسی هەبووە وەنەهەلێکی وازێرینی بۆ هەڵکەوتووە، نەئەوەندەیش دووژمنای کورد بێ هێزو رەزیلو سوکو رسوابوون، نەئەوەندەیش بێ دەسەڵات بوون کەتەنانەت خۆیشیان لەسەر لێواری مەرگن ناچار دەستیان بەکڵاوەکەی خۆیانەوە گرتووە .

ئێمە کائینێکی سەرلێشیواوی ئەم گۆشەی جیهانەین
بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین رۆژی سەدان جار
وەک کەلوپەل دەکرینو دەفرۆشینەوە
جامبازانی جەنگ بێ ئەلفوبێ خوێندنو
بێ ماتماتیکی ژیان، ئێستاکە بوونەتە

گەورەترین سەرمایەداری ئەو گۆشەی جیهانە
کێ لەو بستە خاکەدا خەون بەئاسودەییەوە ئەبینێ
گەر جوگرافیای جەنگ رۆژی سەدان جار
ماڵەکەی تێکنەدابێت و کۆچی پێ نەکردبێت
کێ لەو بستەخاکەدا خەون بەئەلفوبی عەشقەوە ئەبینێ
گەر خوا بۆ گێرانەوەی قەرزەکانی
رۆژی دەیان جار نوێژی پێنەکردبێت
ئێمە میللەتێکی ماندووین
ماندووی رێگاو ماندووی جەستەو
ماندووی خەونەکانمان
جامبازانی شەرو ئاشتی
رۆژی دەیان جار فوودەکەن بەمیکرۆفۆنە ژەنگرتۆکەی
هەڵبژاردندا جاری ناهوشیاریو خیانەت ئەدەن بە گوێماندا
ئێمە کەتوانای بیرکردنەوەمان نەماوە
نایشتوانین خێزانێک
لەسەر بنەماکانی موحیبەت پێکبێنین
هاتن بەهەلهەلەی جەنگەوە
بەدەستی پرلە خوێنو
بەئیقارو وەهمەوە
بەمێژوویەکی پرلە درۆو
بەتەمەنێک جەهلەوە
کورەکانیان بەرەو کێڵگەکانی جەنگ راپێچکرد
ئێمە پرسیارێکمان نەبوو
لەدوای مەرگی کورەکانمان ئایا ئێمە سەردەکەوین
ئەوان دەیانوت کارگەکانی زاوزێ بخەنەگەر
نیشتیمان خاکێکە تینوو
هەر زۆر تینوو
تینووی خوێن
داری ئازادی ئێمە لافاوێک خوێنی دەوێت
پێویستیمان بەخوێن هەیە بۆ سەرکەوتن
ئێمە هەموو فەلسەفەکانی حیزبمان
لەجەستەو خوێنی کورەکانمان تاقیکردەوە
تانیشتیمان ئازاد بوو
بەڵام کاتێک نیشتیمان ئازاد بوو
ئێمە کورێکمان نەمابوو بۆ پەیداکردنی نان
یاشێخ!
دهێمەوە بەم هەموو حوزنەوە
بەم هەموو قەیرانی عەشقو خوێنەوە
دهێمەوە سەرئەنێم بەدڵتەوە

**توند توند دەستەکانت ئەگوشم**
**من ماندووم یاشێخ**
**ماندووی ڕێگاو ماندوی خەونەکانم**
**ماندووی نیشتیمان**
**ئەو نیشتیمانەی کەجامبازان**
**دایان بەعروبەو لکانیان بەعێراقەوە**
**ئەم ئێوارەیە**
**بەم سەحەری تەنیاییەوە**
**بەم غوربەتو ئەشکو**
**تەمبوورەوە**
**مەلایەک دێت باس لەبارانو**
**جامبازێک باس لەگوڵو**
**جەلادێک باس لەخواوەندو**
**خاینێک باس لەقاتیو**
**ڕۆژانی سەختی خەبات دەکات**
**ئەم ئێوارەیە**
**بەم سەحەری تەنیاییەوە**
**خوێندکارێک دێت**
**بەکۆمەڵێک فەلسەفەی سواو بریقەدارەوە**
**بوخچەی زانستی پرلە دوبەرەکیو**
**پرلە لەتبونی گەردیلەکانو**
**پرلە جەهالیەت باس لەخواو**
**پەیوەندی ئەهریمەنەکان ئەکات**
**دهێمەوە یاشێخ**
**بەئەسپای خۆم ئەکەم بەژووورداو**
**لەتەنیشتەوە رادەکشێم**
**پەنجەکانم دەنێمە سەرلێوت**
**بەرۆحتا ئەچپێنم**
**نامناسیتەوە؟**
**ئەوە منم بەگەنجی پیر بووم**
**بەمهەموو کۆچو ئەنفالو ژەهرەوە**
**هێشتا بێ پێناسو بێ نیشتیمانم**
**دەمەوێت ئەمرۆ شتێک بڵێم**
**پەیڤێک لەوپێش نەموتبێت**
**یاشێخ! بەعەشقەوە خۆمدەکەم بەسنگتا**
**لەچاوەکانتا وندەبم**

نامۆ سامان& 20050119 ستۆکۆڵم